

دیمانە: کارزان کانەبی

## هاڤی نیزاڵ

### یاریزانی نیشانەشکێنی یانەی سۆلاڤ:

# هیوادارم هەلمان بۆ برڕەخسێت بۆ ئەوەی بگەین بە ئاستێکی باشتر

**یانەکانی شاری کەرکووک بەردەوام گرنگی بە یاری نیشانەشکێنی دەدەن و شارەکەش خاوەنی چەندین کچ و کوڕە یاریزانی بەتوانایە لەم یارییە کە ئەنجامەکانیان لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان دیارە، یەکێک لە کچە یاریزانەکانی ئەو شارەش کە هێشتا تەمەنێکی کەمی هەیە، بەڵام چاوی لەوەیە بتوانێ ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنێت لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان و دەرەوەش، (هاڤی نیزاڵ)ی لەدایکبوویساڵی ١٩٩٨ی شاری کەرکووکە و ئێستاش یاریزانی یانەی (سۆلاڤ)ـە لە شاری کەرکووک کە لەپاڵەوانیەتییەکانی کوردستان و عێراق ئەنجامی باشی بەدەست هێناوە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەی دایەوە.**



*** هاتنت بۆ نێو دنیای وەرزشی بە پێشوەختە بوو، یاخود هەر لە ناکاو رووت لەم جیهانە کرد؟**

- هەر لە منداڵییەوە دەستم بە وەرزشکردن کردووە و بە یاری جیمناستیك و دواتر یاری بالە لە ساڵی ٢٠١٤ش رووم لە یاری نیشانەشکێنی کردووە لە یانەی سۆلاڤ.

***بۆچی لە ناو هەموو یارییە وەرزشییە سەرنجت بۆ یاری نیشانەشکێنی بوو؟**

- چونکە یاری نیشانە شکاندن یارییەکی تاکە و هەروەها حەز و ئارەزووی خۆم بوو کە ئەو یارییە ئەنجام بدەم و بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکان بکەم، هەر لە سەرەتای دەست پێکردنیشم بەم یارییە، ئاستێکی زۆر باشم هەبووە، ئەوەش زۆر هانی داوم بۆ بەردەوامبوونم.

***وەکو یاریزان ئاستی یاری نیشانەشکێنی لە شاری کەرکووك چۆن دەبینی؟**

- بە بەراورد بە شارەکانی کوردستان ئاستی ئەم یارییە لە کەرکووك مام ناوەندە و هیوادارم کە هەڵمان بۆ برڕەخسێت کە ئێمەش بتوانین لە داهاتوودا بگەین بە ئاستی باشتر، ئەمەش هاوکاری هەمووانی دەوێت، لە خێزان و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

*** ئەی لەسەر ئاستی کوردستان چۆنی دەبینی؟**

-لە سەر ئاستی کوردستان بەهۆی هەبوونی هۆڵ و راهێنەری شارەزا لەم بوارەدا ئاستێکی زۆر باشی هەیە، هیوادارم خولی زیاتریش بۆ یاریزانان بکرێتەوە.

***گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

- بەداخەوە لە شاری کەرکووك گرفتمان زۆرە، بۆ نموونە کەمبوونی راهێنەری شارەزا و هەروەها بودجە و بایەخ نەدانی تەواو بەم یارییە، هەروەها نەبوونی کچە یاریزانان لەم یارییە تاکانە کە هیچ بایەخێکی پێ نەدراوە، من تەنیا یاریزانم بەڵام لە



هەمان کاتدا دوو یاری ئەنجام دەدەم بە هۆی کەمی ڕێژەی ئافرەت لە وەرزشدا.

***بۆ ئەوەی یاری نیشانەشکێنی لە کوردستان پێش بکەوێت، چی بکرێت باشە؟**

-خولی بەردەوام بکرێتەوە و گرنگی بە یاریزانان بدرێت و هۆڵی پێویست و کەلوپەلی پێویست هەبێت بۆ یاریزانان و خزمەتیان بکرێ.

*** لە یانەی سۆلاڤ چۆن هاوکاری دەکرێن؟**

-بە ڕاستی وەکو یانە زۆر هاوکاریمان دەکەن، هەر چەندە قەیرانی دارایی زۆر کاری لە سەر توانی یانەکەمان کردووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەستخۆشییان لێ دەکەم کە تا ئێستا هاوکارمانن.

***خەونی وەرزشیت وەکو کچە یاریزانێك چییە؟**

-خەونی وەرزشیم ئەوەیە کە ببینم ڕۆژێك لە ڕۆژان لە شارەکەم و لە هەموو کوردستان وەرزش بایەخێکی زۆر زۆری پێ بدرێت، وەکو هەموو وڵاتانی جیهان، هیواداریشم ببینم کە کچانی زۆر لە یارییە جیاوازەکان وەرزش دەکەن.

*** ئامانجت لە وەرزشکردنت چییە؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم باشترین ئەنجام بەدەست بهێنم و خزمەتی وەرزش بکەم.

*** بە چ یاریزانێك سەرسامی لەم یارییە؟**

-بە یاریزان شاخەوان غەفوور کە ئاستێکی بەرزی هەیە و پاڵەوانی کوردستان و عێراقە، حەز دەکەم بگەمە ئاستی ئەو.

*** کاتت چۆن بۆ وەرزش داناوە؟**

-کاتەکانم دابەشکردووە بۆ هەردوو لایەن، هەفتەی دوو ڕۆژ مەشقەکانم دەکەم لەبەر قوتابی بوونم.

*** چیت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کەوا بەردەوام لەسەرجەم شارەکانی کوردستان خزمەتی بەرچاوی کردووە بە وەرشوانان بۆ ناسین و بەسەرکردنەوەی یاریزانان، زۆر سوپاسی باوکم و کاك شاخەوان غەفوور دەکەم زۆر پاڵپشتی منن و بەردەوام هاوکاریم دەکەن.

# مانچستەر سیتی هێڵی بەرگری بەهێز دەکات





یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی بەشێوەیەکی فەرمی گرێبەستی لەگەڵ ئیمریک لاپۆرتێی فەرەنسی و بەرگریکاری یانەی ئەتلەتیک بلباو مۆرکرد.

یانەی مانچستەر سیتی بڵاویکردووە بۆ ماوەی پێنج ساڵ و تا ٢٠٢٣ گرێبەستیان لەگەڵ ئیمریک لاپۆرتێ بەرگریکاری یانەی ئەتلەتیک بلباو مۆرکردووە.

یانە مانچستەر بڵاویشیکردووە یاریزانە نوێیەکەیان درێسی ژمارە ١٤ دەپۆشێت.

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵیش یانەی مانچستەر سیتی بەرانبەر ٦٥ ملیۆن یۆرۆ گرێبەستی لەگەڵ ئەو بەرگریکارە فەرەنسییەدا مۆرکردووە و نرخی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی ئەو یاریزانەیان بەخشیوەتە یانەی ئەتلەتیک بلباو.

دوای پەیوەندی کردنی بەیانەی مانچستەر سیتی لاپۆرتی بەپێگەی فەرمی یانەکەی گوتووە: دەمەوێت بەخێرایی لەژێر دەستی گواردیۆلا دەستبەکاربم و هەموو هەوڵێکیشم بۆ ئەوە دەبێت سەرکەوتن بۆ یانەکەم بهێنم.

گوتیشی: باوەڕبوونی یانەکەم بەتواناکانم واتای زۆر دەبەخشێت، هەربۆیە بەپرشنگدارییەوە چاوەڕێی دەستپێکردن دەکەم.

لاپۆرتی لە وەرزی ئەمساڵدا بەشداری ٣٠ یاری یانەکەی لەسەرجەم خول و پاڵەوانێتیەکاندا کردووە جگە لە تۆمارکردنی گۆڵێك سێ گۆڵیشی بۆ هاوڕێکانی دروست کردووە.





# لۆکاس مۆرا چووە ئینگلتەرە

لۆکاس مۆرای بەرازیلی و یاریزانی یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی پاریسی بەجێهێشت.

بەمەبەستی پەیوەندیکردن بە یانەی تۆتنهامی ئینگلیزی، لۆکاس مۆرای بەرازیلی لە ئێستادا لە ناوچەی تۆتنهامە لە باکوری لەندەن و بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵیش لە بەریتانیاوە مۆرا پشکنینی پزیشکی بۆ سپێرز دەکات.

راپۆرتەکانی هەواڵ بڵاویانکردووە لۆکاس مۆرای تەمەن ٢٥ ساڵ بەرانبەر بڕی ٢٥ ملیۆن پاوەند پەیوەندی بەتۆتنهامەوە دەکات، ئەوەش لە کاتێکدایە بەهۆی بونی چەند ئەستێرەیەك لە یانەکەی پاریسی پایتەختی فەرەنسا وەك یاریزانی یەدەگ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا.

یانەی تۆتنهام دەتوانێت لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپادا بەشداری بە لۆکاس مۆرا بکات، بەو پێیەی لە وەرزی ئەمساڵی خولەکەدا بەشداری هیچ یارییەکی یانەکەی نەکردووە.

لۆکاس مۆرا لە وەرزی ئەمساڵدا تەنیا پێنج جار درێسی یانەکەی پۆشیوە بە تێکڕاش ٧٥ خولەك یاریی کردووە.

یاریزانە بەرازیلییەکە لە ٣٦ یاریدا درێسی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی پۆشیوە لە کۆپا ئەمەریکای ٢٠١١ و ٢٠١٦و ئۆڵمپیادی لەندەنی ٢٠١٢ و جامی کیشوەرەکانی ٢٠١٣دا بەشداریکردووە.

مۆرا هاوینی ٢٠١٣ بەرانبەر بڕی ٤٠ ملیۆن یۆرۆ پەیوەندی بەیانەی پاریس سان جێرمانەوە کردووە ١٥٠ یاریی لەگەڵدا ئەنجامداوە.

# یاریزانێکی تری بەرشلۆنە چووە بروسیا دۆرتمۆند

یانەی بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی بەشێوەیەکی فەرمی گرێبەستی لەگەڵ سێرجیۆ گۆمێزی ئیسپانی و یاریزانی یانەی بەرشلۆنە مۆرکرد.

یانەی بروسیا دۆرتمۆند نرخی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی سێرجیۆ گۆمێزی دایە یانەی بەرشلۆنە، کە سێ ملیۆن یۆرۆیە، بەرانبەر بەو بڕە پارەیە یاریزانە تەمەن ١٧ ساڵەکەی بۆ ریزەکانی گواستەوە.

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ یانەی بروسیا دۆرتمۆند و یاریزانەکەی پێشووی بەرشلۆنە گرێبەستێکی ماوە درێژیان لە نێوانیاندا مۆرکراوە، بەڵام تا ئێستا بەفەرمی ماوەی گرێبەستەکە ئاشکرا نەکراوە.

پێگەی یانە ئەڵمانییەکە بڵاویکردووە گۆمێز پەیوەندی بە تیپی خوار تەمەن ١٩ساڵی یانەکە دەکات و لە داهاتووشدا بۆ تیپی یەکەم سەردەخرێت.

لای خۆشیەوە سێرجیۆ گۆمێز خۆشحاڵی خۆی بە پەیوەندیکردن بە یانە نوێکە راگەیاند و بە پێگەی فەرمی بروسیا دۆرتمۆندی گوتووە: ئەمڕۆ سەرەتای ژیانێکی نوێیە بۆ من، دڵخۆشم بەوەی، کە لێرەم رۆژێکی گرنگ و خەونێکی گەورەیە، دەمەوێت لەگەڵ دۆرتمۆنددا دەستکەوتی زۆر بەدەستبهێنم.

گۆمێز لە مۆندیالی خوار تەمەن ١٧ ساڵ لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا ئاستی بەرزی نمایشکرد و بەو هۆیەشەوە یانە ئەڵمانییەکە سێ ملیۆن یۆرۆی لە کڕینیدا خەرج کردووە.





# هەولێر تێچووی چارەسەرکردنی دیار ڕەحمان دەگریتە ئەستۆ

دوای ئەوەی دیار ڕەحمان یاریزانی تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی هەولێرو هەڵبژاردەی کوردستان دوچاری نەخۆشیەکی دەگمەن دەبێت، سەرەڕای سەردانیکردنی چەندین پزیشك لە ناوخۆی کوردستان و دەرەوەی هەرێم، پێویستی بە چارەسەری ئەم یاریزانە لە دەرەوەی وڵات هەیە، بەرپرسانی یانەی هەولێریش بەڵێنی چارەسەرکردنی یاریزانەکەیان داوە بۆ ئەوەی ئەم یاریزانە بە زووترین کات چارەسەر بکرێت، لەبارەی نەخۆشکەوتنی ئەم یاریزانەش دیار ڕەحمان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من تووشی نەخۆشیی گیرانی دەماری بووم لە ماسوولکەکان و دوای سەردانی کردنم بۆ وڵاتی تورکیا بە مەبەستی چارەسەر، ئەوان بە منیان گوت کە دەبێ بچمە دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی چارەسەری پێویست وەربگرم، سوپاسی سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و دکتۆر عەبدوڵا مەجید سەرۆکی یانەی وەرزشی هەولێر دەکەم، بەهۆی ئەوەی کە سەردانیان کردووم و بەڵێنی هاوکاری تەواویان پێداوم بۆ ئەوەی فیزام بۆ وەربگرن بۆ سەردانیکردنی وڵاتی ئەڵمانیا و چارەسەری پێویستم بکەن، هیواداریشم بەرپرسانی وەرزشی کوردستان خەمی زیاتر لە یاریزانان بخۆن، کاتێك دوچاری گرفتێکی تەندروستی دەبن».

# شێروانە ئامادەیە بۆ خولی نایابی کوردستان

یانەی شێروانەی شاری کەلار ئەمساڵیش بەشێوەیەکی تۆکمە خۆی بۆ یارییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئامادە کردووە. هەرچەندە تیپەکە ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی دی بەتەواوی پشتی بە گەنج و لاوی شارەکە بەستووە بۆ ئەوەی بەم کوڕە یاریزانە لاوانە شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجام بکات لە خولی عێراقی، بەڵام ڕاهێنەرو یاریزانانی یانەکەش چاویان لەوەیە ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنن لەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، لەبارەی ئامادەکاری تیپەکەش کاروان محەممەد ڕاهێنەری یانەی شێروانە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکارییەکانمان دەست پێکردووە، هەرچەندە تۆزێك دواکەوتووین لە ئامادەکارییەکان، بەڵام توانیومانە درێژە بە ئامادەکاری خۆمان بدەین بۆ ئەوەی تیپێکی تۆکمە و تەواو دروست بکەین و بتوانین ئەنجامی دڵخۆشکەر بۆ شارەکەمان بەدەست بهێنین».

گوتیشی: «تاکو ئێستا سەرجەم یاریزانانی تیپەکەمان ماوەنەتەوە لەگەل یانەی شێروانە، یاریزان بیلال ساڵحیش هاتۆتەوە ریزی یانەکەمان کە ئەویش یاریزانێکی بەتوانایە، بەڵام باری داراییمان زۆر باش نییە، بۆیە هیچ یاریزانێکمان نەهێناوە، ژمارەیەك لە یاریزانانمان بە پێی ئاستیان مووچەیان هەیە و هەندێکیش گرێبەستمان لەگەڵیان هەیە، هیچ پارەیەکیشمان نییە لە حکومەت تەنیا پشت بە داهاتی یانەکە بەستراوە.» لە بارەی هێنانی یاریزانانی عەرەبیش بۆ تیپەکە گوتی: «پشت بە هیچ یاریزانێکی عەرەب نابەستین، چونکە مەسروفاتی زۆرە و جگە لەوەش زۆر جار لە بازگەکان دەبێ بۆ یەك یاریزانی عەرەب دوو سێ کاتژمێر چاوەڕێ بکەین، گرێبەستی زۆریشی دەوێ».



### رزگار عەلی راهێنەری سیروانی نوێ:

# کشانەوەی سیروانی نوێ زەرەری بۆ شاری سلێمانی هەیە

کشانەوەی یانەی سیروانی نوێ لە خولی نایابی کوردستان و پەرش و بڵاو بوونی یاریزانانی تیپەکە بە سەر تیپەکانی بەشدار لە خولەکانی کوردستان زیانی وەرزشی بە تیپەکە گەیاندووە، ئێستاش سیروانی نوێ هیچ تیپێکی بۆ خولی نایابی کوردستان نییە، لەبارەی کشانەوەی تیپەکەش رزگار عەلی راهێنەری سیروانی نوێ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «کشانەوەی یانەی سیروانی نوێ زیان بوو بۆ وەرزشی کوردستان، بەڵام سەرۆك و دەستەی کارگێڕی تیپ بڕیار دەدەن، یاریزانان و راهێنەریش مووچەیان پێویستە، بەگشتی کشانەوەی یانەی سیروانی وەکو لایەنی هونەری زیان بوو بۆ وەرزشی شاری سلێمانی، بەڵام ئەو بڕیارە دراوە.» لەبارەی مانەوە و داواکردنی لە یانەکانی تریش گوتی: «تاکو ئێستا من لەگەڵ یانەی سیروانی نوێ ماوم و وەکو ئەدەبییەن پەیوەستم بە تیپەکە، هەرچەندە هیچ تیپێکیش نەماوە، لە لایەن یانەکانی دیکەش هیچ گرێبەستێکم بۆ نەهاتووە.» لەبارەی داهاتووی خۆیشی گوتی: «من وەکو راهێنەر چاوەڕوانی بەرنامەی ئەوانم، ئەگەر یانەیەکیش داوایان کردین، ئەوکات قسەی خۆمان دەبێت». لەبارەی دەنگۆی رێککەوتنی نێوان یانەکانی سلێمانی و سیروانی نوێ بۆ کشانەوە لە خولی پلە یەك و پلە نایابی کوردستانیش گوتی: «ئەوەی من ئاگادار بم یانەی سیروانی نوێ پارساڵ بەشداری کردووە، بەڵام کە سلێمانی کشاوەتەوە، هیچ رێککەوتنێك نەبووە، تەنیا ئیدارەی یانەکە بڕیاری داوە، ئەگەرنا ئەوەی دەڵێت رێکەوتنی پێشوەختە هەبووە، شتی وا نەبووە، منیش وەکو راهێنەری یانەکە لە کارەکانی خۆم بەردەوام بووم».



